## سومەیە عەزیز
### یاریزانی باڵەی یانەی سیروانی شارەزوور:

# کەمی خولەکان
# ئاستی یاریزانەکان دادەبەزێنێت

**تیپی باڵەی یانەی سیروانی شارەزوور یەکێکە لەو تیپانەی کە لە دەڤەری شارەزوور گرنگیی زۆر بە یارییەکانی کچان دەدات، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی باڵە لە سنووری ناوچەکەیان، تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە یانەکە کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە خولی نایابی باڵەی کوردستان بەم کچە یاریزانانە کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات، سومەیە عەزیز یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی ناحیەی سیروانە، پێشتریش یاری بۆ تیپی باڵەی کۆیە کردوە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**




*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی تۆپی باڵە لەسەرئاستی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لە ئێستادا دەتوانم بڵێم ئاستی یاریی باڵە لە بارێکی باشدا نییە، چونکە ئەویش بەهۆی قەیرانەوە کە بەرۆکی هەموو کایەکانی ژیانی گرتۆتەوە، یاریی باڵەش بێبەش نەبووە، بۆیە بەهۆی ئەنجامنەدانی خول، ئاستی باڵە پاشەکشەی کردووە، ماوەیەکی زۆرە تەنیا چەند پاڵەوانیەتییەك لەسەر ئاستی کوردستان کراوەتەوە و یاریزان هێزیان نەماوە بۆ مەشق کردن، بێگومان ئەوانەش هەمووی وا دەکەن یاریزان ساردبێتەوە.

***ئەی لە سەر ئاستی عێراق لە چ ئاستێکدا یە؟**

-لەسەر ئاستی عێراقیش جیاوازییەکی زۆری نییە، چونکە ئەو یانانەی کە بەشدارییان کردووە لەسەر ئاستی عێراق، هەموویان یانە کوردیەکانن، ئەگەر دوو یانەی عەرەبی تێدابێت بەهەمان شێوە من بەرەوپێشچوونی پێوە نابینم، چونکە خول ناکرێتەوە، ئەگەر بشکرێتەوە ساڵێ یەك خول دەکرێتەوە، ساڵی رابردووش خول کرایەوە لە شاری بەغدا، بەڵام ئێمە نەمانتوانی بەشداری بکەین.

*** پێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە و بۆ ئەوەی کوردستان بگاتە ئاستێکی بەرز، دەبێت چی بکرێت؟**

-کردنەوەی خول بۆ یانەکان بە بەردەوامی زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی ئاستی یاریزان زیاتر پێش بکەوێت، بەهەمان شێوە ئاستی یاریی باڵەش بەرەوپێشچوون بەخۆیەوە ببینێت، گرنگترین شت کە بکرێت پشتگیریکردنی یانەکانە، بۆ ئەوەی یاریزانەکان بەردەوام بن لە یانەکان، چونکە یاریزان بەبێ پاڵپشتیی مەعنەوی و ماددی هیوای لە یاریکردن لاواز دەبێ، هەرچەندە ئێمەی یاریزان لە یانەکەی خۆمان ئەوەمان بە لاوە گرنگ نییە، چونکە بەهۆی خۆشەویستیمان بۆ یاریی باڵە بەردەوامین، لەگەڵ ئەوەشدا گلەییم لە یەکێتی تۆپی باڵە هەیە، چونکە وەکو پێویست خول ناکاتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە یەکێتییە وەرزشییەکانی دیکە ساڵانە خول دەکەنەوە.

***بۆچی لە یانەکەتان تەنیا تیپی باڵەی کچان پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە؟**

-یانەکەمان تیپی باڵەی کچان و کوڕانی هەیە، بەهۆی کۆڵنەدانی یاریزانەکانەوە کە بەردەوامین لە مەشقکردن لە چەند جۆرە یارییەکی دیکەش تیپی هەیە، ئێمە خۆشەویستمان بۆ یارییەکە و بۆ هاورێ یاریزانەکانمان هەیە، کە لە ناو یەکدا وەك خێزانێکمان لێهاتووە و راهێنەرەکەشمان بەردەوام لەگەڵمانە.




***کێشەو گرفتتان لەم یارییە چییە؟**

-ئەگەر وەك یانە بڵێیت ئەوە کێشەمان زۆرە، نەبوونی یاریگایەکی تایبەت بەخۆمان کە مەشقەکانمان لەسەر کاشی ئەنجام دەدەین گرفتێکی گەورەیە، وەك خۆشتان دەزانن ئێستا باوی یاریگای خۆڵ و کاشی نەماوە، هەروەها یاریزانان پێویستیان بە پشتگیریی ماددی هەیە، بۆ ئەوەی واز لە یاری نەهێنن و بتوانن بەردەوام بن و پەرە بە لێهاتوویی و بەرەوپێشچوونی خۆیان بدەن، چونکە زۆربەی یاریزانەکانمان دەرچووی زانکۆن و دانەمەزراون.

*** هیواو ئاواتت وەکو وەرزشکارێك چییە؟**

-بەهیوای ئەوەم ئەو یارییە لە لوتکە ببینم، ئەویش بە کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ ئەوەی هەم ئاستی بالە بەرەوپێش بچێت، هەمیش ئاستی یاریزان.

***دەستەی کارگێڕیی یانەکەتان چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

-دەستەی کارگێڕیی یانە، لە بەشداریکردن لە خولەکاندا هاوکارمان بوون، ئەوەی لە توانایاندا بوویێت، درێخیان نەکردووە، لە ئێستاشدا لە رووی مەعنەوییەوە هاوکارمانن.

***بەرنامەی داهاتووت چیە ؟**

-پەرە بەتواناکانی خۆم بدەم و ئاستم پێشبکەوێت، ئەویش بە بەردەوامیدان بە مەشقەکانم، بۆ ئەوەی بگەم بەو ئاستەی کە خۆم دەمەوێت.

***پەیامت بۆ بەرپرسانی وەرزشی چییە ؟**

-پەیامم ئەوەیە با ئیتر بە جددی کار بۆ وەرزش بکەن، وەرزش بکەنە بزنس وەك وڵاتانی دیکە، باچیتر وەرزش نەبێتە قوربانی، بەتایبەت یاریی بالە.

***لە هەڵبژاردەی بالەی عێراق داوا نەکراوی؟**


-تاکو ئێستا، نەخێر.

***بڕیارت نەداوە قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان لە شارەکەتان بکەیتەوە؟**

- هەمیشە ئامادەم بۆ خزمەتکردنی وەرزش، بەتایبەت بۆ یاریی بالە، بەڵام کردنەوەی قوتابخانە پێویستی بە هاوکاریی ماددی و مەعنەوی هەیە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا دەتوانی ئاماژەی پێ بکەیت؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، بۆ ئەو خزمەتەی کە بەبێ جیاوازی، پێشکەش بە وەرزشکارانی شاروشارۆچکەکانی کوردستانی دەکات.





## مۆرینهۆ مەرجی خۆی هەیە بۆ گەڕانەوە

مۆرینهۆ راهێنەری پورتوگالی لە دیمانەیکدا لەگەڵ رۆژنامەی تیلیگرافی بەریتانی مەرجەکانی خۆی بۆ گەڕانەوە بۆ مەشق و راهێنەرایەتی راگەیاند و گوتی:تیپێکم دەوێت کێشە و ململانێی نێوخۆیی نەبێت.

مۆرینهۆ لە ٢٠١٨/١٢/١٨ لە پۆستەکەی وەك راهێنەری یانەی مانچستەر یۆنایتدی ئینگلیزی دوورخرایەوە و ئێستا بێ هیچ یانەیەك لە ماڵەوەیە.

لەو هەڤپەیڤینەدا مۆرینهۆ گوتی: نامەوێ لەگەڵ یانەیەك کاربکەم، کە ململانێی نێوخۆیی هەبێت و یانەیەکم دەوێت رێککەوتن و هەماهەنگی تێدا بێت.

مۆرینهۆ هەروەها گوتی:من لەگەڵ یانەیەك کاردەکەم، کە پرۆژەیەکی هەبێت لەوەش گرنگتر خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ ئەو پڕۆژەیە هەبێت.

ئەو راهێنەرە پورتوگالییە لەو دیمانەیدا گوتی: من یانەیەکم ناوێ بەپەلە بێت لە بردنەوەی نازناوەکان یانەیەکم دەوێت ئارەزوو و ویستی بۆ بردنەوەی نازناوەکان هەبێت.

مۆرینهۆ ئاماژی بۆ ئەوەشکرد، کە گرێبەستی بەهۆی ئەوەوە رەتکردووەتەوەو گوتیشی: مەرجی دووەمم ئەوەیە، کە پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ دەستەی کارگێڕی یانەکەم هە بێت .





## پاتیستۆتا هۆکاری یارینەکردنی بۆ ریال مەدرید ئاشکرا کرد

گابرییێل پاتیستوتا هێرشبەری ئەرژەنتین لە دیمانەیەکی رۆژنامەی مارکادا، هۆکاری رەتکردنەوەی ریال مەدرید ئاشکرا دەکات و گوتی: ریال مەدریدم کردە قوربانی فیرۆنتینا.

پاتیستوتا لە میانەی لێدوانەکانیدا دەڵێت: ئەوکاتەی لە فیرۆنتینا بووم، گرێبەستی یانەکانی ریال مەدرید، مانچستەر یۆنایتد و ئەی سی میلان رەتکردەوە، چونکە هەمیشە لە فیرۆنتینا هەستم بە ئارامی کردووە.

باتیستوتا دەشڵێت: راستە لەگەڵ فیرۆنتینا نازناوی زۆرم نەبردۆتەوە، ئەگەر چووبام رالت مەدرید نازناوی زۆرم دەبردەوە و زیاتر لە ٢٠٠ گۆڵیشم تۆمار دەکرد، بەڵام ئەم کارەم نەکرد، چونکە من حەزم لە بەرپرسیاریەتی گەورە نییە.

پاتیستوتا گوتیشی: هیچ کاتێك حەزم بەوە نەبووە کاپتن و سەرکردەی تیپەکەم بم، چونکە هەمیشە هەموو بەرپرسیاریەتییەکان دەکەوێتە ئەستۆی کاپتن و سەرکردەی تیپ، لە شکستەکان پشکی گەورەی بەردەکەوێت.

پاتیستوتای تەمەن ٥٠ساڵ، پێشتر ٣٣١ یاری بە درێسی فیرۆنتینا کردووە، ٢٠٣ گۆڵی تۆمار کردووە و لە کۆی ٨٧ یاریش بۆ یانەی رۆما ٣٣ گۆڵی کردووە و ١٢ یاریشی بۆ ئەنتەر میلان کردووە و ٢ گۆڵیشی تۆمار کردووە و لە هاوینی ٢٠٠٥ لە یانەی عەرەبی قەتەری ماڵئاوایی لە یاریکردن کرد.



# گریزمان باشترین یاریزانی مێژوو دەستنیشان دەکات

ئەنتوان گریزمان یاریزانی یانەی ئەتلتیکۆ مەدرید ناوی ئەو یاریزانانە ئاشکرا دەکات، کە باشترینن و باسی ئەو یاریزانە دەکات، کە دڵخۆشە لەگەڵیدا.



لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی مارکا ئەنتوان گریزمان هێرشبەری یانەی ئەتلتیکۆ مەدرید گوتی: دییگۆ کۆستا باشترین یاریزانە، کە یاریم لەگەڵیدا کردبێت، چونکە ئەو لە نێو یاریگادا پاڵپشتمە و ئەمەش ئازادی زیاترم دەداتێ لە نێو یاریگادا، هەروەها زۆر بە باشی لە یەکدی تێدەگەین، دەزانین لە نێو یاریگادا چۆن و لە کوێ دەوەستین.

سەبارەت بە باشترین یاریزانی مێژوو گریزمان دەڵێت: دەمەوێت بڵێم کریستیانۆ رۆناڵدۆ یان لیۆنێل مێسی، نامەوێت بڵێم پێلێ یان مارادۆنا چونکە ئەوان ئێستا یاری ناکەن وشتەکە کەمێک ئاڵۆزە هەروەها هەریەکەیان شێوازی تایبەتی خۆی هەیە.

هێرشبەرەکەی ئەتلتیکۆ مەدرید دەڵێت: رووبەڕووبوونەوەی پێپێی بەرگریکاری پێشووی ریال مەدرید و ئێستای یانەی پۆرتۆ قورسترین شت بووە هەمیشە بەرامبەر ئەو زەحمەتیم بینیوە و ئەو یەکێک بوو لە باشترین بەرگریکارەکان.

ئەوەی تایبەت بێت بە دانانی پێکهاتەیەکی ٥ یاریزانی، یاریزانە فەرەنسییەکە گوتی: عوسمان دێمبێلی و نگۆلۆ کانتێ هەڵدەبژێرم چونکە لەگەڵ ئەواندا دۆڕانمان نابێت، هەروەها خۆم و دییگۆ گۆدین لەگەڵ دیڤید بێکهام و دەمانەوێت بەبێ گۆڵپارێز یاریبکەین.



# ریاڵ مەدرید بودجییەکی گەورەی بۆ وەرزی داهاتوو ئامادەکردووە

سەرچاوەیەکی راگەیاندنی ئیتاڵیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە پێرێز سەرۆکی یانەی ریال مەدرید دەیەوێت لە گواستنەوەی هاوینەی داهاتوودا لە سەرەتاوە تیپەکەی درووست بکاتەوە بۆ ئەم مەبەستەش ٤٠٠ ملیۆن یۆرۆی ئامادە کردووە.


تۆڕی هەواڵی (میدباست)ی ئیتاڵیا ئاشکرای کردووە، کە فلۆرێنتینۆ پێرێز سەرۆکی یانەی ریال مەدرید رەزامەندی دەربڕیوە لەسەر کردنەوەی خەزینەی یانەکەی بۆ بەهێزکردنەوەی تیپەکەی.



سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە پێرێز دەیەوێت لە هاوینی داهاتوودا (نێیمار و مباپێ) لە پاریس سانجێرمان بگوازێنەوە و لە هەوڵەکانیشیان بۆ کڕینی ئیدین هازارد بەردەوام دەبن.

بە گوێرەی هەمان سەرچاوە ئەگەر پێرێز لە گواستنەوەی ئەم یاریزانانە شکستی هێنا هەوڵەکانی بە ئاراستەی (هاری کەین، ماتیاس دی لیخت و پاولۆ دیبالا) دەست پێدەکات.

# پێشمەرگەی سلێمانی ڕاهێنەرێکی تازەی هێنا



ئەم وەرزە تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان دەستپێکێکی باشی هەبوو، بەڵام دواتر ئاستی یانەکە رووی لە دابەزین کرد، دوای بەردەوامبوونی بۆ ١٧ هەفتە لەگەڵ یانەکە (ئەرسەلان جەلال)ی راهێنەری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی تەنیا٢٠خاڵی بۆ یانەکە کۆکردەوە، دواتریش بڕیاری وازهێنانی لە مەشقی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دا، کارگێڕیی یانەکەش بۆ پڕکردنەوەی شوێنی ئەو راهێنەرە بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ (یاسین مەناف) راهێنەری پێشووی یانەی نەورۆز مۆرکرد، لەم بارەیەشەوە (میران محەممەد) بەرپرسی راگەیاندنی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە دوای دەست لەکار کێشانەوەی راهێنەری پێشوو، یانەکە بەفەرمی دکتۆر یاسین مەنافی کردە راهێنەر بۆ ئەو یارییانەی کە لە خولەکەدا ماون ئەنجامیان بدەین، هەروەها بۆ دەستپێکردنەوەی یاریی جوان و بەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر کار لەسەر باری دەروونی و جەستەی یاریزانان دەکەین، هەموو هەوڵێکیش دەدەین بۆ ئەوەی بچینە خانەکانی پێشەوەی ریزبەندیی یانەکان.» لە بارەی گۆڕانکاری لە ریزی یاریزانانیشدا گوتی: «تا ئێستا هیچ بڕیارێك بۆ گۆڕانکاری لە ریزی یاریزاناندا نەدراوە.»



# دەربەندیخان دەیەوێت بگاتە لوتکە

تیپی تۆپی پێی یانەی دەربەندیخان ئەمساڵ بۆ یەکەمجار خۆی گەیاندە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، لە دوای قۆناخی یەکەمی خولەکەش تیپەکە چووەتە قۆناخێکی دیکە لە خولی کوردستان، کە هیچ یارییەکی نەدۆڕاندوە، یاریگاکەشی بۆتە مۆتەکە بۆ سەرجەم ئەو یانانەی سەردانی یاریگای دەربەندیخان دەکەن، تیپەکەش لەکۆی ١٧ یاری خاوەنی ٢٥ خاڵە و بەرنامەی هەیە، لە یارییەکانی داهاتوو هەنگاو بۆ لوتکە بهاوێت، لەم بارەیەشەوە راهێنەری یانەی دەربەندیخان (هۆگر عەبدوڵا) بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەهێزە، لە یاریگای خۆماندا پشت بەخوای گەورە و هاندەران و یاریزانانی تیپەکەمان بڕیارمان داوە لەسەر سەرکەوتن و نەدۆڕان بەردەوام بین.» گوتیشی: «ئەوەی راستی بێت، لایەنی دارایی یانەکەمان زۆر خراپە و خەڵکی دڵسۆزی یانەکە هاوکارمانن، بۆ دابینکردنی مووچەکانیشمان بە قەرز و قۆڵە مووچە دەدرێت و باری داراییمان زۆر خراپە.» هاوکات ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەم بارودۆخە نابێتە کێشە بۆ یانەکەیان و هەر لەوبارەیەوە گوتی: «هەموو یاریزانەکانمان ئامادەی ئەوەن کە ئەمساڵ بۆ شاری دەربەندیخان ئاستێکی باش پێشکەش بکەن و، بتوانن هەموو هەوڵێك بدەن بۆ ئەوەی لە یارییەکانی داهاتووشدا ئاستی تیپەکەمان باشتر بێ، یەکڕیزیی یاریزانان و دەستەی راهێنەران هاندەرە بۆ ئەوەی هەموومان بە یەك روحییەت هەوڵ بدەین و هاندەرانیش پاڵپشتی تیپەکەن، بۆیە ئەوەی لە تواناماندا بێت بۆ سەرخستنی یانەی دەربەندیخان کەمتەرخەمی ناکەین، هیچ کێشەو گرفتێکیشمان نییە، جگە لە لایەنی دارایی نەبێت، ئەویش بە هەوڵی دڵسۆزانی شارەکە لە داهاتوودا دەتوانین باشتری بکەین.»

**فۆتۆ: میر**



# رەنگە کۆتایی ئەم وەرزە عیماد ئەسعەد واز بهێنێ



عیماد ئەسعەدی کاپتنی یانەی پێشمەرگەی هەولێر ماوەی چەند وەرزێکە لەریزی ئەم یانەیە یاری دەکات و چەندین ئەنجامی شایستەی لەگەڵ یانەکە بەدەستهێناوە، ئەمساڵیش بەهۆی پێکانەوە لە خولی نایابی کوردستان وەکو پێویست دەرنەکەوتووە، عیماد لە خولی نایابی یانەکانی کوردستاندا بەتەمەنترین یاریزانە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٧ی شاری هەولێرە، پێشتریش لە یانەکانی (هەولێر، بروسك، پێشمەرگەی هەولێر) لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان چەندین ئەنجامی بەدەست هێناوە و خاوەن مێژوویەکی پرشنگدارە لە تۆپی پێی شارەکەدا، لە ئێستاشدا بڕیاری داوە لە کۆتایی ئەم وەرزە وازهێنانی یەکجارەکی لە تۆپی پێی رابگەیەنێ، لەبارەی ئەگەری وازهێنانی لە یاریکردنیش عیماد ئەسعەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە وەرزی رابردووەوە تووشی پێکان هاتووم، ئێستا هەندێك باشترم و لەگەڵ پێشمەرگەی هەولێر خەریکی مەشق و راهێنانم بۆ ئەوەی بتوانم هەرکاتێك پێشمەرگەی هەولێر لە ناو یاریگا پێویستی بە من بێت، خزمەتی ئەو یانەیە بکەم، ماوەیەکی زۆریشە لە خزمەتی وەرزشی شاری هەولێرم و دەمەوێت ئەم وەرزە وەکو یاریزان کۆتایی بە ژیانی وەرزشیم بهێنم، بۆیە ئێستا چاوەڕوانی ئەنجامی تیپەکەم دەکەم، بۆ ئەوەی بزانین لە کۆتایی ئەم وەرزەدا چ ئەنجامێکمان دەبێت، هەموو توانایەکی خۆیشم دەخەمەگەڕ بۆ ئەوەی لەگەڵ پێشمەرگە بگەمە لوتکە، پێشمەرگەش یەکێکە لە یانە هەرە بەهێزەکانی کوردستان و دەمەوێت ئەم وەرزە لەگەڵ یانەکە نازناوی خولی نایابی کوردستان بەدەست بهێنین.»